# کۆمپیوتەرێک لە فلاش میمۆریدا




ئەوەی لەم وێنەیەدا دەیبینن ڕەنگە زەینتان بۆ ئەوە بچێت کە فلاش میمۆرییە، بەڵام نەخێر ئەمە کۆمپیوتەرێکی تەواوە، وەك هەموو ئەو کۆمپیوتەرانەی کە ئەرکەکانتان ئەنجام دەدات. کۆمپانیایەکی نۆرویژی "نەرویج" ئەم کۆمپیوتەرەی بەرهەم هێناوە کە زیاتر لە فلاش میمۆرییەك دەچێت. بەڵام هەر وەك ئاماژەی پێدرا، سیستەمی بەگەڕخەر و گشت پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەری دەچێتە سەر.

کۆمپانیای نۆرویژی FXI بەم دواییانە ئەم کۆمپیوتەرەی لەپێشانگایەکدا نیشاندا. کۆمپیوتەرە بچووکە کە لەبەر کێشی کەمی کە تەنیا 21 گرامە بە پەشمەك واتە "شعر البنات" ناسراوە، دەتوانێت گشت ئەرکەکانی کۆمپیوتەرێك بەڕێوە ببات و دەتوانێت لەشاشەی تەلەڤزیۆن یان لاپتۆپ یان مۆبایل سوود وەربگرێت. کۆمپیوتەرەکە 1.2 (CPU) گیگا هێرتزی لەسەرە. خاوەنی بلوتوس و سیستەمی وای فایە. هەروەها بەتەلەڤزیۆن و شاشەی کۆمپیوتەر لێك دەبەسترێت. کارتی میمۆری جۆری M-croSC لەسەرە.

بەهۆی بلوتوسەوە بەکیبۆرد پێوەند دەدرێ. تەنانەت بەهۆیەوە دەکرێت فیلمی HDیش سەیر بکەی. کاتێك ئەو کۆمپیوتەرە بچووکە لەکۆمپیوتەرێك پێوەند دەدرێ دەبێتە فلاش میمۆری، هەربۆیە بەکارهێنەر دەبێت پرۆگرامەکانی ناو کۆمپیوتەرە بچووکە ئەکتیڤ بکات. مەبەست لەبەرهەمهێنانی ئەو کۆمپیوتەرە ئەوەیە کە بتوانی لەهەر شوێن و هەر جێگایەك کۆمپیوتەری خۆت پێبێت.

# ماوسی تایبەت بەفەیسبووک

فەیسبووك ئێستا بۆتە ماڵی مەجازی زۆربەمان، تەنانەت ئەوەی زۆر شارەزای ئینتەرنێتیش نییە، ئەکاونتێکی فەیسبووکی بۆخۆی کردۆتەوە، کۆمپانیای HP بەم دواییە ماوسێکی نوێی تایبەت بەکردنەوەی سایتی فەیسبووك داهێناوە. ماوسەکە بەجۆری X7000ناسراوە، لەراستیدا ماوسێکی وایەرلەیس و لەمسییە. ماوسەکە شەحن دەبێتەوە و شەحنەکەی تا شەش مانگ دانابەزێت. تەنیا تایبەتمەندییەك کە ئەو ماوسە لەماوسەکانی دیکە جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە دوگمەیەکی تایبەتی تێدایە کە بەدوگمەی فەیسبووك ناسراوە، بەداگرتنی ئەو دوگمەیە ئەگەر هێڵی ئینتەرنێت هەبێ دەستبەجێ سایتی فەیسبووکت بۆ دەکاتەوە. جگە لەوەش پێنج دوگمەی دیکەی هەیە کە هەر کام ئەرکێکی تایبەت ڕادەپەڕێنن. ماوسەکە بۆ هەموو شوێنێك دەگونجێت، شوێنەکە لوس بێت یان زبر بێت.





# سکاینەرێک لەکانوونەوە کە شوێنی کەم دەگرێت

کۆمپانیای کانوون لەم دواییەدا نوێترین جۆری سکاینەری خۆی خستە بازاڕەوە کە بەجۆری LiDE 700F ناسراوە، دیقەی سکاینەرەکە 9600×9600 DIPیە. لەبواری دیزاینەوە زۆر سەرنجراکێشە و لەکاتی سکانکردندا شوێنێکی کەم لەسەر مێز دەگرێت. توانای سکانکردنی خێرای گشت جۆرەکانی دوکیۆمێنت، وێنە و فیلمی 35ملمی هەیە. ئەم مەبەشەی کە تایبەتە بەفیلمی 35 ملمی، بەکوالیتی 9600DPI باشترین کوالیتی هەیە.

دیزاینی سکانەرەکە بەجۆرێکە دەتوانیت بەشێوەی ستوونی و ئاسۆیی و لاکێشەیی لەسەر مێز دایبنێی. وەك زۆربەی سکاینەرەکان لەسەر ئەم سکانەرەش 4 دوگمە هەیە کە scan, copy, email. PDF ئەوەی چوارەمیان تایبەتە بەدروستکردنی فایلی PDF. سکانەرەکە توانای ئەوەی هەیە ئۆتۆماتیکی خۆی ڕێك بخات و جۆری ئەو فایلەی سکانی دەکات بناسێت. فایلە سکانکراوەکان دەکرێت بەفۆرماتی JPEG یا PDF خەزن بکرێن.

## خێراترین فلاش میمۆری بەگواستنەوەی داتادا




کۆمپانیای Kingston بەم دواییە نوێترین فلاش میمۆری بەرهەم هێناوە کە تایبەت بەگەمەکەرەکان و ئەوانەی ئەرکی گرافیکی دژوار ئەنجام دەدەن. فلاش میمۆرییەکە کە بەجۆری Data Traveler HyperX ناسراوە توانای گواستنەوەی داتاکانی گەلێك زۆرە، خێرایی گواستنەوە لەم فلاش میمۆرییەدا 225 میگابایتە لەهەر چرکەیەکدا. جگە لەوەش فلاش میمۆرییەکە دژە ئاو و دژە زەربەیە.


قەوارەی داکردن لەم فلاش میمۆرییەدا 256,128,64 گیگابایتە، فلاش میمۆرییەك کە قەوارەکەی 256 گیگابایت بێت، جیاوازییەکی نییە لەگەڵ هارددیسکێکی دەرەکی. سەرەڕای ئەوەش فلاش میمۆرییەکە دەتوانێت لەکەشوهەوای (0 -60 پلە) کار بکات.

## بەبێ مۆبایل ئاگاداری پێوەندییەکانت بە

ڕەنگە گەلێك جاران بۆت هاتبێتە پێش کە مۆبایلەکەت لەشوێنێك لەبیرچووە و لەوکاتەدا ئاگاداری هیچ پێوەندی و کورتە پەیامێك نیت کە بۆت دێن.

پرۆگرامی DroidAlone-missed calls پرۆگرامێکی بچووك و نوێیە کە لەم ڕۆژانەدا خەڵکانێکی زۆر بەکاری دێنن، پرۆگرامەکە کاتێك لەمۆبایلەکەدا ئەکتیڤ بێت، گشت پێوەندییەکان و کورتە پەیامەکان بۆ ئیمێلەکەت بەڕێ دەکات. تەنانەت تۆش دەتوانی لەئیمێلەکەتەوە کورتە پەیام بۆ مۆبایلەکەت بنێری. ڕەنگە زۆر کەس ئەوەی بۆ گرنگ نەبێت کە پرۆگرامەکە گرنگی خۆی هەیە و پێویستە لەسەر مۆبایلەکەت بێت، بەڵام ئەو کاتەی کە مۆبایلەکەت لەشوێنێك لەبیرچوو، ئەوکات دەزانی گرنگی پرۆگرامەکە لەکوێدایە؟





## فەرهەنگی دیجیتال
## CPU چییە؟

لەجیهانی کۆمپیوتەردا زۆر جاران گوێبیستی دەستەواژەی CPU دەبین، پرسیارێك لێرەدا دێتە پێش CPU چییە و چ ئەرکێك لەکۆمپیوتەردا ئەنجام دەدات.

CPU کورتکراوەی دەستەواژەی Central Processing Unitـە، کە زۆر جاران پێیدەگوترێت Processor یان بەکوردییەکەی "یەکەی لێکدەرەوەی ناوەندی" ئەم پارچەیە لەکۆمپیوتەر لەراستیدا مێشکی کۆمپیوتەرە و بەبێ ئەو پارچەیە کۆمپیوتەر هیچ ئەرکێك ئەنجام نادات.

ئەرکی CPU ئەوەیە کە گشت ئەرکەکانی لێکدانەوەی کۆمپیوتەر ئەنجام بدا و لەماوەیەکی کەمدا ئاکامی لێکدانەوەکە ڕابگەیەنێ.

ئێوە هیچ کات CPU لەدەرەوەی کەیسی کۆمپیوتەر نابینن، لەراستیدا کە کەیسەکەش دەکەیەوە و "فەن"ی کۆمپیوتەر لادەبەی ئەوکات CPU دەردەکەوێت کە دەبینین جگە لەچوارگۆشەیەکی بچووك هیچی تر نییە و لەلایەکەی تریشی سەدان بزماری ورد دیارن.



# ڤیدیۆ پرۆژکتەرێکی بچووک و سووک




# فەیسبووک مۆبایلێکی هۆشمەند بەرهەم دێنێ

سایتی فەیسبووک جگە لەدەوڵەمەندکردنی سایتەکەی، لەم ماوەیەدا هەوڵیداوە کە مۆبایلێکی هۆشمەند بەرهەم بێنێ کە گشت خزمەتگوزارییەکانی فەیسبووکی تێدابێت. بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ کۆمپانیای HTC رێککەوتووە کە مۆبایلێکی هۆشمەند بەو تایبەتمەندییەی ئاماژەمان پێدا بەرهەم بێنێت.

مۆبایلە هۆشمەندەکە بەجۆری (Buffy) ناسراوە، لەسەر سیستەمی ئەندرۆید کار دەکات. هەرچەندە زۆربەی شارەزایانی بواری تەکنۆلۆژیا لەم بروایەدان کە مۆبایلێکی هۆشمەند کە ئەرکی فەیسبووک بەرێوە ببات، تەنیا هەوڵدانێکی بێ بەرهەمە لەلایەن فەیسبووکەوە، چونکە زۆربەی مۆبایلەکان ئەو تایبەتمەندییانەی تێدایە کە سایتی فەیسبووک بکەنەوە. رەنگە تەنیا ئەوە بێت کە فەیسبووک بڵێت منیش لەو بوارەدا هەم و بوونی خۆی بسەلمێنێت.

# چەند زانیارییەک لەسەر تەبلێتی Trasformer prime

بەرلەوەی تەبلێتی Trasformer prime لەلایەن کۆمپانیای ئاسۆسەوە بەرهەم بێت، ریکلامێکی زۆری بۆکرا، هۆگرانی بواری تەکنۆلۆژیای نوێ چاوەروانی ئەو بەرهەمە نوێیەی ئاسۆس بوون. لەراستیشدا بەبێ ریکلام، تەبلێتەکە تا رادەیەکی زۆر سەرنجراکێشە. تەبلێتەکە 10.1 ئینجە، بارستایی تەنیا 8.3 ملمە. شوێنی Mini-HDMI هەیە و کارت میمۆری جۆری مایکرۆ و SD دەخوێنێتەوە.

یەکەمین تەبلێتە کە خاوەنی چوار پرۆسیسەرە. کیبۆردەکەی بەجیا لەتەبلێتەکەیە. شاشەی تەبلێتەکە 1280 لە800 پیکسەلدایە. رامی تەبلێتەکە یەك گیگابایتە، جگە لەوەی GPSی لەگەڵ دایە، لەگەڵ ژیروسکوپ و دوو کامێرا. کامێرای پشتەوەی 8 میگاپیکسلە کە توانای فیلم هەڵگرتنەوەی لە1080P دا هەیە. هەتا 12 کاتژمێر شەحنی باترییەکەی دانابەزێت.





لە جیهانی تەکنەلۆژیادا ڕەنگە ڤیدیۆ پرۆژکتۆر هێشتا ئەوەندە شوێنی خۆی نەکردبێتەوە، لەلای ئێمە کەس گرنگی ڤیدیۆ پرۆژکتۆری بۆ دەرنەکەوتووە، تەنیا لە پارکەکاندا نەبێت کە فیلمی پێلێدەدرێت و لە هەندێك لە شوێنەکانی فێرکاریشدا بوونی هەیە.

لە وڵاتانی پێشکەوتوو ڤیدیۆ پرۆژکتۆر بۆ شیکردنەوە پرۆژەکان و بۆ لێدانی فیلم ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ،

لەمدواییانەدا کۆمپانیای Dell ڤیدیۆ پرۆژکتەری جۆری M110 ناساند کە کێشەکەی کەمە بۆ هەڵگرتن گونجاوە و هەروەها وایەرلەیسیشە. هاردی ناوخۆی ڤیدیۆ پرۆژکتەرەکە یەك گیگابایتە و کارتی میمۆری جۆری microSD دەخوێنێتەوە. ئەو ئامێرە وێنەکان بە کوالیتی HD نیشان دەدات. گلۆپی ئەو ئامێرە لە جۆری LEDیە و دەکرێت هەتا 20 هەزار کاتژمێر سوودی لێوەربگیرێت. سپیکەری لەناو خۆیدایە. شوێنی کێبڵی HDMI ،VGA ،USB هەیە، هەربۆیە لەگەڵ ئامێرەکانی کامێرای دیجیتالی، هاندەکانی مۆبایل و DVD دەگونجێت.

# FreeOpener
# جۆکەری گشت پرۆگرامەکان

بۆ ئەوانەی کە شارەزای بواری کۆمپیوتەریشن ڕەنگە باوەڕ نەکەن کە چۆن تەنیا پرۆگرامێك دەتوانێت گشت جۆرە فایلێك بکاتەوە، یانی جۆکەر بێت بۆ گشت پرۆگرامەکان. هەموومان دەزانین کە کردنەوەی هەر فایلێك پێویستە بە پرۆگرامی ئەو فایلە بکرێتەوە، بۆ نموونە فایلێکی Word بە پرۆگرامی فۆتۆشۆپ ناکرێتەوە و پێچەوانەش. بەڵام پرۆگرامێك هەیە کە گشت فایلەکان دەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا قەوارەکەشی بچووکە لە ئەنتەرنێتیشدا بە خۆڕاییە.

ئەم پرۆگرامە فایلی 75 جۆرە پرۆگرام دەخوێنێتەوە. ئەمەش چەند نموونەیەکی ئەو فایلانەیە:

گشت فایلەکانی پرۆگرام نووسین، لاپەڕەکانی وێب، هەموو فایلەکانی فۆتۆشۆپ، گشت وێنەیەك، فایلەکانی ئێکس ئێم ئێل، پاوەر پۆینت، وۆرد، ئێکسەل، هەموو فایلێکی فیلم و دەنگ. فایلە ئەرشیف کراوەکان، ژێرنووسەکان و.. تاد.





## هەر جارەو وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، بۆ هەڵگرتن و پاراستنی داتا و فایلە گرنگەکان لەنێوان کۆمپیوتەر، فلاش میمۆری، CD و هاردی دەرەکی کامەیان باشتر و گونجاوترن؟

خوێنەری بەڕێز هەموو ئەو ئامرازانەی ئاماژەت پێدان، بۆ هەڵگرتنی داتا و پاراستنیان دەگونجێن و هەر کامیان خاڵی ئیجابی و سلبی خۆیان هەیە. کۆمپیوتەر بەهۆی ئەوەی کە وزەی کارەبا هەمیشە لەسەر ئەو ئامێرەیە و هەروەشەی ڤایرۆسەکانیش زیاتر کۆمپیوتەر دەگرێتەوە، هیچ کات بەمەبەستی هەڵگرتنی داتا گرنگەکان سوودی لێوەرمەگرە، چونکە ئەگەری دزران و دزە کردنە ناو زانیارییەکان لەکۆمپیوتەردا زۆرترە.. فلاش میمۆرییەکی باش و گونجاو زۆر باشە بۆ هەڵگرتنی داتاکان، بەڵام بەمەرجێك ئیدی دوای خستنە سەری داتا گرنگەکان، هیچ کات سوود لەو فلاشە بۆ مەبەستی دیکە وەرنەگری و تەنیا داتاکانتی تێدا هەڵگری.. هاردی خارجیش وەك فلاش دەچێت، بەڵام هەم داتای زۆرتر هەڵدەگرێ و هەم پتەوتریشە... کەچی هیچ کات بۆ هەڵگرتنی داتای گرنگ لەCD,DVD سوود وەرمەگرە.. چونکە لەبەرامبەر کەشوهەوادا زوو تێکدەچێ و بەبچووکترین زەربەش دەشکێت و زانیارییەکانیش لەناو دەچن.. تەنانەت ئەگەر هیچ گرفتیش نەیەتە پێش، خۆی تووشی گرفت دەبێت...